# ڕێبەری پێنجەم – وانەی نۆیەم

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**رابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) یەکەم نامەی کۆرنسۆس |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (١کۆرنسۆس ١٣- ١٦).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ٢: ٢٥ |

دوو بەدوو پێداچوونەوە بکەن : یۆحەنا ٢: ٢٥.

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) جەژنی دروێنە: یادی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز |

**پێشەکی** : جەژنی دروێنە (یان ڕۆژی پەنجاهەمین) جەژنێکە تیایدا یادی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز دەکەینەوە . وە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەی ڕژانی ڕۆحی پیرۆزو کاریگەری ئەمە لەسەر باوەڕداران . هەروەها ئەوە فێردەبین کە چۆن پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن پێشبینیان کردوە لەبارەی ڕژانی ڕۆحی پیرۆزەوە ، وە چی ڕوویدا کاتی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ، وە گرنگی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بۆمان .

**(أ) پێشبینیەکان لەبارەی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز .**

**١- <u>جەژنی دروێنە لە پەیمانی کۆن هێمایەك بوو بۆ ڕژانی ڕۆحی پیرۆز.</u>**

**بزانە** . لە پەیمانی کۆن ( دەرچوون ٢٣: ١٦). دوای پەنجا ڕۆژ لەئاهەنگێڕانی جەژنی پەسخە ، جەژنی دروێنە دەستی پێدەکرد ئەویش هێمایەك بوو بۆ قوربانیە کەفارەتمەندانەکەی مەسیح . وە جەژنی دروێنە هەروەها بە "جەژنی هەفتەکان" ناودەبرا ، کە ئەویش هێمابوو بۆ ڕژانی ڕۆحی پیرۆز (لێڤیەکان ٢٣؛ وتەکان ١٦). لەم جەژنەدا نەوەی ئیسرائیل بەشێك لە بەروبومەکانیان پێشکەش بە پەرستگا دەکرد ( بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی ئەو بەروبوم و دەستکەوتانەی خودا بەرەکەتی پێ بەخشیبوون ). لەوێدا لەگەڵ ئەندامانی خێزانیان و خزمەتکارەکان و لێڤیەکان و نامۆکان و هەژارەکان ئاهەنگیان دەگێڕا . ئیدی بەم شێوەیە جەژنی هەفتەکان جەژنی سوپاسکردنی خوداوەند بوو لەپێناوی بەروبومی دروێنەکان .

وە لە پەیمانی نوێ ، لە هەمان ئەم جەژنی دروێنەیەدا ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەردا (کردار ٢). لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس باوەڕی بە مەسیح هێنا ، وە یەکەمین کڵێسای نێوخۆیی دامەزرا لە ئۆرشالیم ! بەم شێوەیە ، جەژنی دروێنەی بەروبومی کشتوکاڵی لە پەیمانی کۆن هێما بوو بۆ دروێنەی دەرونەکان لە پەیمانی نوێ ، وە بۆ دامەزراندنی کڵێسا نێوخۆییەکان لە هەموو شوێنێکی جیهان .

٢- ئەو پێشبینیانەی تایبەت بوون بە ڕژانی ڕۆحی پیرۆز لە پەیمانی کۆن.

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : هەریەك لەو پێشبینیانە چیمان فێردەكات لەبارەی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ؟

**(أ)** ئیشایا ٣٢: ١٥؛ ٤٤: ٣ **بخوێنەوە** .

خودا فەرموی كە ئەو ڕۆحی خۆی دەڕژێنێ بەسەر گەلەكەیدا . هەروەك چۆن باران بە لێزمە لەئاسمانەوە دەبارێ و زەوی تەڕوپاراو دەكات و چۆڵەوانیەكان دەكات بە باخ ، بەهەمان شێوە خودا كە ڕۆحی خۆی لەئاسمانەوە دەڕژێنێ بەسەر گەلەكەیدا زۆرترین بەرەكەت دەبەخشێ !

**(ب)** خزقیال ٣٦: ٢٥- ٢٨ **بخوێنەوە** .

خودا فەرموی كە: ئاوێكی پاكتان بەسەردا دەپرژێنم و لە هەموو گڵاویەكانتان پاك دەبنەوەو لە بتەكانتان پاكتان دەكەمەوە ، دڵێكی نوێتان پێ دەدەم و ڕۆحێكی نوێ دەخەمە ناوتانەوەو دڵە بەردەكە لە گۆشتتان دەكەمەوەو دڵێكی گۆشتتان پێ دەدەم ، ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوەو واتان لێ دەكەم بە ڕێی فەرزەكانمدا بڕۆن و حوكمەكانم بپارێزن و كاریان پێبكەن .

**(ج)** یوئێل ٢: ٢٨- ٣٢ **بخوێنەوە** .

خودا فەرموی كە : ڕۆحی خۆی بەسەر هەموو گەلەكەیدا دەبارێنی وئیدی پێشبینی دەكەن ، وە خەون دەبینن ، وە بینین دەبینن ، هەروەها هەموو ئەوانەی ناوی خوداوەند دەهێنن ڕزگاریان دەبێت .

**(د)** زەكەریا ٤: ٦ **بخوێنەوە** .

خودا فەرموی كە : نە بەهێز و نە بە توانای مرۆڤ ، بەڵكو بە ڕۆحی خۆی كارەكەی تەواو دەكات .

ئیدی بەم شێوەیە ، بەپێی ئەوەی لە پەیمانی كۆندا هاتوە ، ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر هەموو گەلی خودا دەبێتە مایەی پاكبونەوەی دڵیان و گۆڕینی ژیانیان و وایان لێدەكات حەز بە ملكەچبوونی خوداو خزمەتكردنی بكەن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی وشەكەیەوە و بەدیهاتنی خەون و پێشبینیەكانیان لە

ژیانێکی بەسودو بەکەڵك کە دەبێتە مایەی شکۆمەندی خوداو هەروەها دەیکاتە مایەی ڕزگاری هەموو ئەوانەی ناوی خوداوەند دەهێنن!

**٣- <u>پێشبینیەکانی تایبەت بە ڕژانی ڕۆحی پیرۆز لە پەیمانی نوێ</u> .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : عیسای مەسیح چی پێشبینیەکی کرد لەبارەی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ؟

**(أ)** یۆحەنا ٧: ٣٧- ٣٩ **بخوێنەوە** .

عیسای مەسیح لە ئینجیلی یۆحەنادا چەندین جار بەڵێنی دا کە ڕۆحی پیرۆز بڕژێنێ بەسەر گەلەکەیدا . هەروەها فەرموی دەبێت باوەڕداران چاوەڕێی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بن بۆئەوەی شکۆدار بێت ؛ واتە تاوەکو هەڵدەستێتەوە لەنێو مردوان ، وە بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان و دادەنیشێت لای ڕاستی خودای باوك . وە کاتی ڕوودانی ئەمەش ، ئیدی ڕۆحی پیرۆز وەك ڕوباری ئاوی زیندوو لەناخیانەوە دەڕوات .

**(ب)** کردار ١: ٥ **بخوێنەوە** .

عیسای مەسیح پێش ئەوەی بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان فەرموی کە باوەڕداران پاش چەند ڕۆژێکی کەم بە ڕۆحی پیرۆز باپتیز دەکرێن . ئەمەش ڕویدا لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا وەك باسکراوە لە کردار ٢. هەروەها لە کردار ١١: ١٤- ١٨ ، ١٥: ٦- ١١ دەخوێنینەوە کە هەمان باپتیز کردن بە ڕۆحی پیرۆز بەسەر باوەڕدارانی نوێ ڕژا .

**(ب) ڕوداوەکانی دەوروبەری کاتی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز**

**١- <u>ڕژانی ڕۆحی پیرۆز لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا</u> .**

کردار ٢: ١- ٤٧ بخوێنەوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەردا ؟

**تێبینەکان :**

**(أ) ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر گەلی خودا لەماوەی پەیمانی كۆندا.**

هەرچەندە پێش ڕۆژی پەنجاهەمین ڕۆحی پیرۆز بەسەر گەلدا ڕژاوە ، بەڵام نشینگەی ڕۆحی پیرۆز بەڵێنێكی تایبەتە بە پەیمانی نوێ (ئایەتەكانی ١١: ١٧، ٢٥ ، ٢٩ ؛ ١ ساموئیل ١٠: ٦ ؛ ١٦: ١٣- ١٤ ؛ ١٩: ٢٠- ٢١ ؛ ٢ ساموئیل ٢٣: ٢ ؛ هەروەها بڕوانە یۆحەنا ٢٠: ٢١- ٢٣).

**(ب) ڕۆژی پەنجاهەمین .**

دوای دە ڕۆژ لە بەرزبونەوەی عیسا بۆ ئاسمان و دانیشتنی لای ڕاستی خودای باوك وەك پاشای پاشاكان و گەورەی گەورەكان ، عیسا هەستا بە ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر هەموو گەلەكەیدا ؛ واتە بەسەر هەموو باوەڕدارانیدا لەو كاتەدا . ئەو ڕۆژەش ڕۆژی جەژنی دروێنەبوو لای جولەكەكان . لەبەرئەوە جولەكەكان لە هەموو شوێنێكی جیهانەوە هاتبوون بۆ ئۆرشالیم بە مەبەستی ئاهەنگ گێڕانی جەژن .

**(ج) نیشانە ناوازەكان لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا .**

لە كرداری نێردراوان دەخوێنینەوە كە : " لەناكاو دەنگێك لە ئاسمانەوە وەك ڕەشەبا هات ". ئەو دەنگەش هێماو نیشانەبوو بۆ هێزی نەبینراوی ڕۆحی پیرۆز ، ئەوەی خەڵكی نوێدەكاتەوە بە سەروەری ڕەهاو بێسنوری خۆی (یۆحەنا ٣: ٣- ٨) وە كار دەكات لەهەر شوێنێك كە بیەوێ ( كردار ١٦: ٦- ١٠). وە ئەم وشانە " ئینجا چەند زمانێكیان بۆ دەركەوت و دابەش بوو، وەك ئاگر نیشتەوە لەسەریان " ئەمەش هێماو نیشانەبوو بۆ بەهرەی ڕاگەیەنراوی ئینجیل بە هەموو زمانەكانی جیهان بەو پەڕی پەرۆشیی و ، خۆشەویستی و ئازایەتی و ڕازی بوونەوە ( كردار ٢: ٣).

**(د) ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر ئەو جولەكە یەكەمینانەی كە لەوكاتەدا باوەڕدار بوون بە مەسیح .**

لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەر نزیكەی ١٢٠ لە قوتابیە یەكەمینەكانی مەسیحدا . هەرچەندە ئەوان لە بنەڕەتدا باوەڕدار بوون ، بەڵام نەیاندەتوانی پێشتر ڕۆحی پیرۆز وەربگرن چونكە هێشتا عیسای

مەسیح شکۆدار نەببوو ( یۆحەنا ٧: ٣٩). بەڵام دوای شکۆداربوونی عیسا (واتە دوای هەستانەوەو بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان و پاشایەتی کردنی ) ئیدی ئەوانە بوونە یەکەمین کە ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرت و بۆ هەتاهەتایە نیشتەجێ بوو لە ناویاندا ( یۆحەنا ١٤: ١٦- ١٧)!

(هـ) ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر ئەو جولەکە یەکەمینانەی کە دواتر باوەڕیان بە مەسیح هێنا .

دوای ئەوە ، کاتێ بە ئینجیل موژدەیان دا ، نزیکەی سێ هەزار جولەکە باوەڕیان بە مەسیح و ئینجیل هێنا و ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرت . بەمەش ڕۆژی پەنجاهەمین بووە ڕۆژی دروێنەیەکی ڕۆحیی مەزن بۆ ئەو کەسانەی دووەم جار لە دایکبونەوە ! لەبەرئەوەیە کە ڕۆژی پەنجاهەمین جەژنێکە تیایدا ئاهەنگ دەگێڕین بە یادی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر باوەڕدارە یەکەمینەکاندا لە ماوەی پەیمانی نوێ . ئیدی هەر کەسێکیان باوەڕی بە مەسیح هێنا ڕۆحی پیرۆزی وەرگرت . وە لە کردار ٢: ٤٢ دەخوێنینەوە کە : ئیدی ئەوان پەیوەست بوون لەسەر فێرکردنی نێرداراوان و ژیانی هاوبەش و لەتکردنی نان و نوێژکردن . وە دەرکەوتنی کڵێسای کاریگەر و چالاك بەڵگەی ڕوونی سیپارەکانی پەیمانی نوێن لە بارەی ڕژانی ڕۆحی پیرۆزەوە لە ماوەی پەیمانی نوێدا !

## ٢- __ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەردا دوای ڕۆژی پەنجاهەمین__ .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن دوای ڕۆژی پەنجاهەمین ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەردا ؟

**(أ) دەسەڵاتی کردنەوەی شانشینی خودا بۆ خەڵکی .**

مەتا ١٦: ١٨- ١٩؛ ١٨: ١٨ **بخوێنەوە** .

عیسای مەسیح کلیلەکانی شانشینی خودای دا بە قوتابیە نزیکەکانی ئەوانەی دواتر بە نێردار ناوبران . ئەو دەیزانی دەبنە شایەت بۆ عیسای مەسیح لە ئۆرشالیم و یەهودیە (بۆ جولەکەکان) و لە سامیرە ( بۆ سامیریەکان) وە تاوەکو ئەوپەڕی زەوی (بۆ نەتەوەکان) (کردار ١: ٨).

کاروچالاکی و دەسەڵاتیان کردنەوەی شانشینی خودا بوو بۆ جولەکە یەکەمینەکان (کردار ٢)، وە بۆ سامیریە یەکەمینەکان (نیوە جولەکە) (کردار ٨) وە بۆ نەتەوە یەکەمینەکان ( نا جوکەکە) کردار ١٠ ).

**(ب) ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر باوەڕدارە یەکەمینەکانی سامیریەکان.**

کردار ٨: ٤- ١٧ **بخوێنەوە** .

سامیریەکان لەدوای باوەڕهێنانیان کتوپڕ ڕازی نەبوون بە ڕۆحی پیرۆز چونکە دەبوو چاوەڕێ بن تاکو نێردراوان دەرگای شانشینی خودایان بۆ بکەنەوە. ئینجا پەترۆس ی نێردراو و یۆحەنای نێردراو نوێژیان کرد لەپێناوی باوەڕدارە یەکەمینەکانی سامیریەکان و دەرگای شانشینی خودایان بۆ کردنەوە بۆ هاتنەناوەوە .

**(ج) ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر باوەڕدارە یەکەمینەکانی نەتەوەکان .**

کردار ١١: ١٤- ١٨؛ ١٥: ٧- ١١ **بخوێنەوە** .

خودا بینینی بەکارهێنا لەبەرامبەر کۆرنیلیۆس ی نا جولەکە بۆ ئامادەکردنی پەترۆسی نێردراو تاکو بانگەوازی ئینجیل بدات بە گوێی خێزانەکەی و هاوڕێکانیدا (کردار ١٠: ١- ٢٣). وە کاتێ ئەوانە بۆ یەکەمجاریان گوێبیستی ئینجیل بوون لە دڵەوە باوەڕیان هێنا و ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرت . چونکە ئەوان باوەڕیان هێناو بۆدوەم جار لەدایکبونەوە بەڕاستی ، واتە ئەوان باپتیز کران بە ڕۆحی پیرۆز ، هەروەها لەئاویش هەڵکێشران (کردار ١٠: ٢٤- ٤٨). ئیدی بەم شێوەیە پەترۆسی نێردراو بە ئینجیل موژدەی داو دەرگای شانشینی خودای کردەوە لەبەردەم نەتەوەکان .

**(د) کڵێسای پەیمانی نوێ لەسەر بناغەی نێرداراوان دروستکرا .**

ئەفەسۆس ٢: ٢٠ ؛ بینین ٢١: ١٤ **بخوێنەوە** .

چونکە عیسای مەسیح نێردراوەکانی بەکارهێنا بۆ کردنەوەی دەرگای شانشینی خودا بۆ ئەو سێ کۆمەڵە سەرەکیەی ناویان هاتوە لە پەیمانی

نوێدا ، بۆیە نێردراوەکان بە بناغەی کڵێساو یارمەتیدەرانی ناودەبرێن . دوای ئەم سەرەتایەی کڵێسای مەسیح لەناوەندی جولەکە یەکەمینەکان و سامیریە یەکەمینەکان و نەتەوە یەکەمینەکاندا ، ئیدی خەڵکی کاتێ گوێبیستی پەیامی ئینجیل دەبوون و باوەڕیان بە عیسای مەسیح دەهێنا ڕۆحی پیرۆزیان وەردەگرت (ئەفەسۆس ١: ١٣؛ تیتۆس ٣: ٣- ٨ ؛ هەروەها بڕوانە کردار ٢: ٣٩ ؛ ٤: ٤؛ ٥: ٣٢؛ ٦: ٧).

## (ج) کەسایەتی ڕۆحی پیرۆزو کارەکانی

### ١- <u>کەسایەتی ڕۆحی پیرۆز</u> .

### (أ) کەسایەتیەکەی .

ڕۆحی پیرۆز تەنها هێزێک نیە ، بەڵکو خودی خودا خۆیەتی (کردار ٥: ٣- ٤). وە تاکو زیاتر دیاریکراوانە ڕوونی بکەینەوە ئەو ئوقنومی سێ یەمە لە سیانەی پیرۆز ( پەیدابوون ٢٨: ١٩). وە ئێمە باوەڕمان وایە کە سروشتە خوداییەکەی خودا و شکۆ و بەزریەکەی باڵاترە بەسەر هەموو بەرزی وشکۆیەکی ئەم گەردونە بەدیهێنراوەدا ؛ چونکە ئەو یەکێکە لە سێ ئوقنومەکە . دواتر ئەو لەسەرووی زەمەنی بەدیهێنراوەوەیە .

### (ب) خەسڵەتەکانی .

ڕۆحی پیرۆز خاوەنی هەمان خەسڵەتەکانی خوداو جاویدانیەکەیەتی ( عیبرانیەکان ٩: ١٤). ئەو خاوەنی هەمان خەسڵەتەکانی خودایە لەڕووی پەیوەندی بە گەردونەوە ، وە لەڕووی ئامادەبوونی لە هەموو شوێنێکدا (زەبور ١٣٩: ٧- ١٠)، وە لە ڕووی هەموو هێزوتواناکەیدا ( یەرمیا ٣٢: ١٧، ٢٧) ، وە لە ڕووی هەموو زانابییەکەیدا ( زەبور ١٣٩: ١- ٤).

### (ج) ناوەکانی .

ناوەکانی ڕۆحی پیرۆز ئاماژە بە لایەنەخوداییەکەی دەکات ( ڕۆما ٨: ٩- ١٠) ، خەسڵەتەکانی وەك ، ڕاستی و خۆشەویستی و نیعمەت (یۆحەنا

١٤: ١٧؛ ڕۆما ١٥: ٣٠ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٢٩) یان کارەکانی لە ژیانی خەڵکیدا بە خەسڵەتە دانابیەکەی (ئیشایا ١١: ٢) .

**(د) هێماو نیشانەکانی .**

هێماو نیشانەکانی ڕۆحی پیرۆز ئاماژە بوون بۆ کارەکانی لە ژیانی باوەڕداراندا . ئاماژەی پێکراوە بە " با " کە ( بۆ کوێی بووێت هەڵدەکات و ئاسان نیە بەرهەڵستی بکرێت وبەری پێ بگیرێت ) وە وا دەکات خەڵکی باوەڕبهێنن و نوێ ببنەوە ( یۆحەنا ٣: ٣- ٨) . وە ئاماژەی پێکراوە بە "ئاوی ژیان" چونکە وا لە خەڵکی دەکات بە تەواوی ڕزگار بن و دەیانکات بە کەناڵێکی گەیەنەر بۆ ئەوەی ببنە بەرەکەت بۆ خەڵکی تر ( یۆحەنا ٧: ٣٧- ٣٩). وە ئاماژەی پێکراوە بە "زمانەکان لە ئاگر" چونکە وا لە باوەڕداران دەکات بە هەموو زمانەکانی جیهان جاڕی موژدە (ئینجیل) بدەن بە ڕازیبوونێکی گەورەوەو بەبێ ترس (کردار ٢: ١- ٤). هەروەها ئاماژەی پێکراوە بە " زەیت " چونکە باوەڕداران دەستنیشان دەکات تاکو بتوانن هەستن بە کاری کاهینایەتی و پێغەمبەرایەتی و پاشایەتی . (ڕوونکردنەوەی وەرگێر بۆ وشەی زەیت مەبەست لە ڕۆنی پیرۆزە ئەوەی لە پەیمانی کۆندا خودا فەرمانی بە موسا کرد ئامادەی بکات بۆ دەستنیشان کردن ، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سود لە ئایەتەکانی دەرچوون ٣٠ : ٢٢- ٢٥ ببینن) . وە ئاماژەی پێکراوە بە "مۆر" چونکە باوەڕداران مۆر دەکات بە مۆری موڵکایەتی یان شایەتی ( بڕوانە ٨: ١٦ ). وە ئاماژەی پێکراوە بە " پێشەکی دەستەبەر" چونکە باوەڕداران دڵنیا دەکاتەوە لەوەی کە دێت بێ هیچ گومانێك (٢ کۆرنسۆس ١: ٢١- ٢٢).

**٢- <u>کارەکانی ڕۆحی پیرۆز لە ژیانی خەڵکدا</u> .**

**(أ) ڕۆحی پیرۆز جیهان سەرزەنشت دەکات .**

ئەو جیهان سەرزەنشت دەکات لەسەر گوناهەو لەسەر ڕاستودروستی و لەسەر حوکمدان (یۆحەنا ١٦: ٨).

**(ب) ڕۆحی پیرۆز بریکاری عیسای مەسیحە لەسەر زەوی ( یۆحەنا ١٥: ٢٦؛ ١٦: ١٣- ١٥).**

ئەو ڕژا بەسەر باوەڕداراندا لەسەر زەوی تاکو هەموو ئەوەیان بداتێ هەروەك چۆن عیسا بە کەسایەتی خۆی لەگەڵیان بێت و بیانداتێ !

**(ج) ڕۆحی پیرۆز خەڵکی دەگۆڕێ .**

ئەو خەڵکی نوێدەکاتەوە ( یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ تیتۆس ٣: ٣- ٧) ، وا لە خەڵکی دەکات گوێبیستی وشەی خودا بن ( یۆحەنا ١٤: ٢٦؛ ئەفەسۆس ٦: ١٧)، وا لە خەڵکی دەکات گوێڕایەڵی وشەی خودا بن ( ١ پەترۆس ١: ٢). ئەو زیاتروزیاتر باوەڕداران پیرۆز دەکات ( گەلاتیا ٥: ١٣- ٢٦) ، وە باوەڕداران دەپارێزی لە ئازارو ناڕەحەتی ( ڕۆما ٨: ٢٦- ٢٧).

**٣- <u>کارەکانی ڕۆحی پیرۆز لە ژیانی کڵێسادا</u> .**

**(أ) ڕۆحی پیرۆز عیسای مەسیح شکۆدار دەکات .**

ئەو هەمیشە عیسای مەسیح شکۆدار دەکات لە ژیان و ئەزمونی کەسێتی باوەڕداراندا ( یۆحەنا ١٦: ١٤).

**(ب) ڕۆحی پیرۆز کڵێسا بەڕێوەدەبات .**

ئەو کاردەکات – لە ڕێگەی لەدایکبونەوەی نوێ وە – تاکو وا لە باوەڕدار بکات ببێتە ئەندامێکی ڕاستەقینەی کڵێسا ( ١کۆرنسۆس ١٢: ١٢- ١٣). ئەو تاکەکانی باوەڕدار دەگۆڕێ و کۆیاندەکاتەوە لە یەك نشینگەی ڕۆحی خودا ( ئەفەسۆس ٢: ٢٢) ؛ ١پەترۆس ٢: ٤- ٥). ئەو وا لە پیرانی کڵێسا دەکات چاودێری ڕاستەقینەی کڵێسا بن ( کردار ٢٠: ٢٨). ئەو بەرپرسە لە بیروباوەڕو پەیڕەوکردنی دروست لە کڵێسادا ( کردار ١٥: ٢٨) . ئەو کۆبونەوەو خزمەتەکانی کڵێسا بەڕێوە دەبات (ئەفەسۆس ٥: ١٨- ١٩). ئەو بەهرەی ڕۆحی دەبەخشێ بە باوەڕداران تاوەکو خزمەتی خەڵکی دیکەی پێبکەن و یارمەتیدەر بن بۆ بونیادنانی کڵێسا ( ڕۆما ١٢: ٤- ٨).

**(ج) ڕۆحی پیرۆز کاروچالاکیەکانی مەسیحیەت جێبەجێ دەکات لە جیهاندا .**

ئەو باوەڕداران هەڵدەبژێرێ و بانگیان دەکات بۆ خزمەتکردن و مزگێنیدان بە ئینجیل ، وە قوتابیەکانی خوداوەند ئامادە دەکات ، وە کڵێسای نوێ دادەمەزرێنێ (کردار ۱۳: ۱- ٤) . ئەو بۆ هەر خزمەتکارێك کاروچالاکیەکی تایبەتی پێدەدات ( ۱ کۆرنسۆس ۳: ٥- ۹ ؛ ۱۲: ٤- ٦، ۱۱) . ئەو باوەڕداران و خزمەتکاران هاندەدات لەکاتی چەوسانەوەدا ( کردار ۱۳: ٤۹ – ٥۲).

**(د) باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز**

**۱- <u>دەستەواژەی " باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز "</u> .**

**(أ) <u>خودی دەستەواژەکە</u> .**

ئەم دەستەواژەیە تەنها حەوت جار لە پەیمانی نوێدا هاتوە ( مەتا ۳: ۱۰ - ۱۲ ؛ مەرقۆس ۱: ۸؛ لۆقا ۳: ۱٦ ؛ یۆحەنا ۱: ۳۳ ؛ کردار ۱: ٥ ؛ کردار ۱۱: ۱٤- ۱۸ ؛ ۱کۆرنسۆس ۱۲: ۱۲- ۱۳) . لەهەموو ئەم حەوت جارەدا ئاماژە بووە بە لەدایکبونەوەی نوێ ؛ یان سەرەتای ژیانی کەسێکی باوەڕدار بە مەسیح ! وە باپتیز کردن بە ڕۆحی پیرۆز بە ڕوونی کۆکردنەوەی باوەڕداران لە شانشینی خودا لەخۆدەگرێ ؛ لەکاتێکدا کە باپتیزکردن بە ئاگر حوکمدانی کۆتایی لەخۆ دەگرێ بۆ بێ باوەڕان ( مەتا ۳: ۱۰ -۱۲).

**(ب) پێشبینیەکان بۆی و هاتنەدی .**

لە پەیمانی کۆندا پێشبینی کردن بۆ ڕۆحی پیرۆز کراوە ( خزقیال ۳٦: ۲٥- ۲۷ ؛ یوئێل ۲: ۲۸- ۳۲ ). بەڵام باپتیزکردن بە ڕۆح بەتەواوی لە ژیانی قوتابیە یەکەمینەکانی مەسیحدا ڕوویدا وەکو لە کردار ۲: ۱- ٤ دا باسکراوە ، وە لە ژیانی باوەڕدارە یەکەمینەکانی بەڕەچەڵەك جولەکە لە کردار ۲: ۳۷- ٤۱ (هەروەها بڕوانە کردار ۱: ۸ *أ* ئۆرشالیم و یەهودیە ) ؛ وە لە ژیانی باوەڕدارە یەکمینەکانی بە ڕەچەڵەك سامیری لە

کردار ۸: ۱۲- ۱۷ (هەروەها بڕوانە کردار ۱: ۸ ، *ب* سامیرە ) ، وە لە ژیانی باوەڕدارە یەکەمینەکانی بە ڕەچەڵەك نەتەوەکان لە کردار ۱۰: ۳٤- ۳۸ ( هەروەها بڕوانە کردار ۱: ۸ *ج* ؛ ۱۱: ١٤- ۱۸ ؛ ۱٥: ۷- ۱۱ ، ئەوپەڕی جیهان ). لەبەرئەوە ، هەر کەسێك گوێبیستی ئینجیل بێت و باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێ " دیاری ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن " کردار ۲: ۳۸- ۳۹) ؛ واتە " بە ڕۆحی پیرۆز مۆر دەکرێن " ( ئەفەسۆس ۱: ۱۳- ١٤) یان " بە ڕۆحی باپتیزدەکرێن " لە یەك کڵێساکەی مەسیحدا ( ۱کۆرنسۆس ۱۲: ۱۲- ۱۳)!

## ۲- **واتای باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز .**

(أ) زۆر واتا لەبارەیەوە بەکارهاتوە لە کتێبی پیرۆزدا وەك ئاماژەیەك بۆ وەرگرتنی ڕۆحی پیرۆز .

* بەڕۆحی پیرۆز باپتیزکردن (کردار ۱: ٥؛ ۱۱: ١٦ ؛ ۱کۆرنسۆس ۱۲: ۱۳).

* پەسەندکردنی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ( کردار ۲: ۱۷، ۳۳ ؛ تیتۆس ۳: ٦).

* پەسەندکردنی ڕۆحی پیرۆز ( کردار ۱٥؛ ۱۰: ٤۷).

* پەسەندکردنی وەرگرتنی ڕۆحی پیرۆز (کردار ۸: ١٦ ؛ ۱۰: ٤٤؛ ۱۱: ۱٥).

* وەرگرتنی دیاری ڕۆحی پیرۆز ( کردار ۲: ۳۸ ؛ ۱۱: ۱۷ ؛ ۱٥: ۸).

* مۆرکردن بە ڕۆحی پیرۆز ( ئەفەسۆس ۱: ۱۳) .

* ڕزگاری بەهۆی شوشتنەوەی وەك بونەوەرێکی نوێ و لەدایکبونەوەی نوێ و نوێکردنەوەی کە ڕۆحی پیرۆز ئەنجامی دەدات ( تیتۆس ۳: ٥؛ کردار ۱۱: ١٤، ۱۸ ؛ یۆحەنا ۳: ۳- ۸).

هەموو ئەم واتایانە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە مرۆڤ باوەڕ بەمەسیح دەهێنێ هاوکات لەگەڵ باوەڕهێنانەکەی ڕۆحی پیرۆز وەردەگرێ.

**(ب) باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز واتە پەسەندکردنی ڕۆحی پیرۆز ئەوەی مرۆڤ نوێ دەکاتەوەو ئەزموونداری دەکات لە ڕزگاریی .**

چونکە کاتێ نەتەوە یەکەمینەکان گوێبیستی ئینجیل بوون و باوەڕیان هێنا بە مەسیح ، ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرت بەهەمان ئەو شێوەیەی قوتابیە جولەکە یەکەمینەکان وەریان گرت . ئیدی خودا دیاری بەهرەی ڕۆحی پیرۆزی پێدان و ئەم ڕوداوەش بە : باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز ناوبرا (کردار ١١: ١٥- ١٧، ڕۆژی پەنجاهەمین ی تایبەت بە نەتەوە یەکەمینەکان )! ئەنجامەکەش ئەوەبوو کە ئەووانەی لە نەتەوەکان بوون و باوەڕیان بە عیسای مەسیح هێنا ڕزگاریان بەدەستهێنا بەهەمان شێوەی ئەو جولەکانەی باوەڕیان بە عیسای مەسیح هێنا ( کردار ٢: ١٨، ٢١؛ ١١: ١٤ ؛ ١٥: ١١ ؛ هەروەها بڕوانە ئەفەسۆس ١: ١٣). خودا تۆبەکردنی بۆ ژیان پێ بەخشین (کردار ١١: ١٨)، وە دڵیانی پاککردەوە (کردار ١٥: ٩).

**(ج) باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز واتە مرۆڤ ڕۆحی پیرۆز پەسەند دەکات و لەڕێگەیەوە دەبێتە ئەندامێکی جەستەی مەسیح (کڵێساکەی).**

یەحیای لەئاوهەڵکێش ووتی عیسای مەسیح خەڵکی بە ڕۆحی پیرۆز باتیز دەکات ؛ بەمەش ئەو کۆیان دەکاتەوە وەك چۆن کۆکردنەوەی گەنم لە ئەمباردا (مەتا ٣: ١١- ١٢). وە ٢٦ ساڵ دوای ڕۆژی پەنجاهەمین ، پۆڵسی نێردراو بۆ باوەڕدارانی جولەکەو ئەوانەش سەر بە نەتەوەکان بوون و دەژیان لە کۆرنسۆس نوسی کە باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز تەنها بۆ لایەنێکی دیاریکراو نیە . کە ئەمەش دەخوێنینەوە : " چونکە هەمومان بە یەك ڕۆح باپتیزکراین تاکو ببینە یەك لەش " ؛ واتە لەشی مەسیح . ئەمەش گشتگیرە بۆ هەموو نێردراوان و هەموو باوەڕداران لە جیهاندا ( ١ کۆرنسۆس ١٢: ١٢- ١٣). ئیدی بەم شێوەیە ، کاتێ خەڵکی باوەڕ دەهێنن بە عیسای مەسیح بەیەك ڕۆح باپتیزدەکرێن لەیەك لەشدا (هەروەها بڕوانە ئەفەسۆس ١: ٢٢- ٢٣).

**(د) باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز واتە پەسەندکردنی ڕۆحی پیرۆز . بەمەش ڕۆحی پیرۆز دێت و نیشتەجێ دەبێت لەناو باوەڕداراو کاری تیادا دەکات .**

چونکە کاتی باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز- ڕۆحی پیرۆز کە عیسای مەسیح خۆیەتی دێت و نیشتەجێ دەبێت لە باوەڕداردا (ڕۆما ٨: ٩- ١٠؛ ١ کۆرنسۆس ٦: ١٩ – ٢٠). ئەو کات ڕۆحی پیرۆز دەستدەکات بە پەیڕەوکردنی کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی مەسیح لە ژیانی باوەڕداردا . وە بە تێپەڕبوونی کات ، زۆر بە تەواوی ئەوە ڕوون دەبێت کە ڕۆحی پیرۆز بەهرەی ڕۆحیی جیاواز دەبەخشێ بە باوەڕدار .

## (هـ) پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز

**١- <u>واتای پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز</u> .**

**(أ) ئەقنومی دەسەڵاتدار ، نەك تەنها هێزێکی ئاسایی لە ژیاندا .**

ئەگەر ڕۆحی پیرۆز تەنها هێزێکی ئاسایی ژیان بایە دەتتوانی بە پێوانەیەکی دیاریکراو یان ڕێژەیەکی سنوردار بە دەستی بهێنی ، ئەو کاتیش هەڵوێستت بەم شێوەیە دەبوو : "چۆن بتوانم زیاتر ڕۆحی پیرۆزم دەستبکەوێ ؟" بەڵام ئەگەر ڕۆحی پیرۆز خودای بەتوانا بێت و ئەو تۆ بەدەستبهێنێ ئیدی هەڵوێستت بەم شێوەیە دەبێت : " چۆن ڕۆحی پیرۆز زیاتر من بۆخۆی بەرێ ؟" ئێمە خاوەنی ڕۆحی پیرۆز نین ، بەڵکو ئەو خاوەنی ئێمەیە ! دواتر پرسیار کردن لەبارەی پڕ بە بوون بە ڕۆحی پیرۆز ( ئەو کارەیە کە ڕۆحی پیرۆز بۆخۆی پێی هەڵدەستێ ) وە پرسیارێکە لەبارەی خودایەتی و گەورەیی عیسای مەسیح لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزیەوە لە دڵمداو لەژیانمدا . لەژێر ڕوناکی ئەمەدا : " چۆن عیسای مەسیح پاشاو خوداوەندم بێت و زیاترو زیاتر کاریگەری لەسەر ژیانم بێت ؟" چونکە پڕ بوون بە ڕۆحی پیرۆز واتە من خۆم ڕادەستی خودا کرد بە تەواوی ، وە خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانمدا . هەروەها واتە من وازم لە خودی خۆم (من) هێناو چیدی ناگەڕێم بە دوای شکۆدارکردنی خۆمدا ، بەڵکو ئەوەی خودای سێ ئەقنوم شکۆدار

دەكات ( ڕۆما ١١: ٣٦). ئەمەش هەروەها واتە خودا كەشتی ژیانم بەڕێوەدەبات لە ڕێگەی كتێبی پیرۆزەوە ، ئەوە كە وام لێدەكات زیاتر لە هاوشێوەی عیسا بم ، ئەوە وام لێدەكات خزمەتەكەم بەروبوومی زیاتری هەبێت .

**(ب) بەڵێنی پڕ بوون لە ڕۆحی پیرۆز .**

عیسا بەڵێنی دا بە قوتابیەكانی كە ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێ لەناخیەوە ڕوبارەكانی ئاوی زیندوو دەڕوات (یۆحەنا ٧: ٣٧- ٣٩). هەروەها بەڵێنی دا بە قوتابیەكانی كە هێز وەردەگرن و دەبنە شایەت بۆی لەهەموو جیهان (كردار ١: ٨).

**(ج) پێناسەی پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز .**

مێژووی ڕزگاری لە كتێبی پیرۆزدا پێناسەی ئەوەدەكات كە چی ڕویداوە كاتێ خەڵكی جیاواز پڕ بوون لە ڕۆحی پیرۆز . وە كتێبی پیرۆز پێناسەی ئەنجامە جیاوازو گریمانەكانی پڕ بوون لە ڕۆحی پیرۆز دەكات . تێبینی دەكەین كە ئەم پێناسە كردنانە مێژووییین نەك ڕاسپاردەو فێركردن كە پێویست بن لە كڵێسادا ڕووبدەن :

* لۆقا ١: ٤١- ٤٣ : ئەلیسابات مەعریفەیەكی تایبەتی دەستكەوت كەئەو منداڵەی لە مەریەم لەدایك دەبێت ئەوە مەسیایە.

* لۆقا ١: ٦٧- ٧٩ : زەكەریا پێشبینی كرد لەبارەی مەسیا كە دێت و لەبارەی ئایندەی یەحیای لەئاو هەڵكێش .

* لۆقا ٤: ١- ٢: عیسا بەرەنگاری تاقیكردنەوەكانی شەیتان بۆوە .

* كردار ٢: ٤: هەموو قوتابیەكانی عیسا (نزیكەی ١٢٠ قوتابی) توانای قسەكردنیان هەبوو بە زمانەكانی تر ( كە پێشتر نەیاندەزانی ) لەبارەی ئەو كارە مەزنانەی كە خودا كردی .

* کردار ٤: ٨: پەترۆس پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و سروشێکی تایبەتی وەرگرت تاکو قسە بکات بۆ پێشەوایانی وڵات ( بڕوانە مەرقۆس ١٣: ١١).

* کردار ٤: ٣١ : قوتابیەکان بەئازایەتی و چاونەترسیەوە بە وشەی خودا دوان .

* کردار ٦: ٣، ٨- ١٠ : خزمەتکارە یەکەمینەکان (بە ئیستفانۆسەوە) بە داناییەکی وەها دوان و کاری پەرجویان کرد کە ئەستەم بوو بەرهەڵستیان بکرێت .

* کردار ٧: ٥٥ : ئیستیفانۆس پێیدرا کە شکۆی خوداو مەسیحی هەستاوە ببینێ .

* کردار ٩: ١٧- ٢٢ : پۆڵس زیاتر بەهێز بوو وە بە بوێری و پەرۆشیەکی زیاترەوە توانی نەیاری ئینجیل دەمکوت بکات .

* کردار ١١: ٢٤ : بەرنابا توانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بهێنێ بۆ مەسیح .

* کردار ١٣: ٩- ١١ : پۆڵس دەسەڵاتی پێدرا حوکمی خودا بسەپێنێ بەسەر یەکێك لە پێغەمبەرە درۆزنەکاندا .

* کردار ١٣: ٥٢ : باوەڕدارانی نوێ توانیان پڕ بن لە خۆشی و شادی لەناو چەوسانەوەدا .

ئەمەش ئەنجامە جیاوازەکانی پڕبوونی باوەڕداران بە ڕۆحی پیرۆزمان پیشان دەدات لە ڕێگەی کارەکانیەوە لە دڵ و ژیانیاندا .

**٢- <u>فێرکردن لەبارەی پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز</u> .**

ئەفەسۆس ٥: ١٥- ٢١ **بخوێنەوە.**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو فێرکردنە ڕوونە کامەیە سەبارەت بە پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز ؟

**تێبینیەکان :**

**(أ) پێویستە باوەڕداران هەمیشە پڕ بن لە ڕۆحی پیرۆز .**

کاری سەرەکی لە ئەفەسۆس ٥: ١٨ – ٢١ ئەوەیە کە " پڕ بن لە ڕۆحی پیرۆز " (ئەفەسۆس ٥: ١٨). تێبینی بکەن لێرەدا کردارەکە بەم واتایانە دێت : پڕبن ، پڕبونێکی بەردەوام و هەمیشەیی. ئەم پڕبونەش خودا بە ڕەزامەندی و سەروەریە خوداییەکەی ئەنجامی دەدات . لەبەرئەوەیە کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فەرمانمان پێ دەکات کە هەمیشە پڕ بین ( یاخود جارلەدوای جار ) بە ڕۆحی پیرۆز . لەسەروو ئەمەشەوە ، ژیانی پڕ بوون لە ڕۆحی پیرۆز ژیانێکی مەسیحیانەی ئاساییە .

**(ب) باوەڕدارنی پڕ بوو بە ڕۆحی پیرۆز بە قسەکانیان و گۆرانیە ڕۆحیەکانیان و سرودەکانیان و ژیانی سوپاسگوزاریان و ملکەچیان دەناسرێنەوە .**

کاری سەرەکی ئەم پێنج کردارەش بریتین لە : "دووان بە وشەی خودا" و " گۆرانی ڕۆحی" و " سرودەکان" و " بە سوپاسەوە نوێژوپاڕانەوە" و " ملکەچی " (ئەفەسۆس ٥: ١٩- ٢١)؛ ئەمانە کردارێکن کە پشت بە کاری سەرەکی دەبەستن . دواتر ئاماژە بە ئەو شتانە دەکات کە هاوکات ڕوودەدەن لە کردارە سەرەکیەکەدا ، وە ئاماژە بە ئەو شتانە دەدات کە بەردەوام و هەمیشە ڕوودەدەن . بەمەش کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە ئەو باوەڕدارانەی پڕ دەبن لە ڕۆحی پیرۆز بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە دەکرێن :

* باوەڕداری پڕ بوو لە ڕۆحی پیرۆز بەشداری ناکات لەئاهەنگی مەی خواردنەوە کە مرۆڤ توشی مەستی و بەرەڵایی و هەڵسوکەوتە بێ ڕەوشتیەکان دەکات ( ئەفەسۆس ٥: ٣- ١٣ ؛ ١ پەترۆس ٤: ٣- ٤ )؛ بەڵکو ئەو دیدار لەگەڵ خەڵکی دیکە دروست دەکات بۆ گۆڕینەوەی بیروڕاو و قسەکردن و گۆرانی ڕۆحی و ستایش کردنی خودا تاکو کەسێکی دیکە بونیاد بنێ و خودا شکۆدار بکەن پێکەوە . نمونەیەکی تری

بەروبومی ڕۆحی پیرۆز لە کەسێکدا بریتی یە لە : خۆڕاگری (گەڵاتیە ٥: ٢٣ ؛ ١ کۆرنسۆس ٧: ٩؛ ٩: ٢٤- ٢٧).

* باوەڕداری پڕ بوو لە ڕۆحی پیرۆز کەسێکی نەرێنی و ڕەخنەگرو حوکمدەر نیە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکی و بارودۆخەکاندا . ئەو بۆڵەبۆڵ ناکات و شەڕەقسەش ناکات ( فیلیپی ٢: ١٤)، وە توڕەو ناڕازی نیە بەرامبەر ئاستی باشی خەڵکانی تر ؛ بەڵکو کەسێکی ڕازیە ( فیلیپی ٤: ١١ ؛ ١ تیمۆساوس ٦: ٦ ) وە لەهەموو بارودۆخەکانیدا سوپاسی خودا دەکات ( ١ تەسالۆنیکی ٥: ١٨). نمونەیەکی تری بەروبومی ڕۆحی پیرۆز لە کەسێکدا بریتی یە لە : خۆشی (گەڵاتیە ٥: ٢٢).

* باوەڕداری پڕ بوو لە ڕۆحی پیرۆز شانازی بەخۆیەوە ناکات و بیر لە تاکڕەوی ناکاتەوە ، وە یارمەتیدانی خەڵکی ڕەت ناکاتەوە ، وە خۆویست نیە ؛ بەڵکو کەسێکی ساکارە . بۆ نمونە ئەو ڕازیە بەوەی لەهەموان کەمتر بێت ، وە خزمەت بکات لەو بوارانەدا کە کەسانی تر ڕەتیان کردۆتەوە ( یۆحەنا ١٣: ١- ١٧). وە زیاتر لەخودی خۆی ڕێز لە خەڵکانی دیکە دەگرێت ( ڕۆما ١٢: ١٠) . وە گرنگی بە بەرژەوەندی خەڵکی دیکە دەدات ( فیلیپی ٢: ٤). وە ئاشتیخوازو نیان و دڵنەرم و ساکارەو ڕەچاوی هەستی کەسانی تر دەکات . ئەمەش بەروبومی ڕۆحی پیرۆزە لە کەسێکدا کە بریتی یە لە: دڵنەرمی (گەڵاتیە ٥: ٢٣).

**(ج) باوەڕدارانی پڕ بوو لە ڕۆحی پیرۆز بە هەڵسوکەوت و دانایی و گرنگیی و زانیاری و ملکەچییان دەناسرێنەوە .**

لە دەقە ڕەسەنە یۆنانیەکەی پەیمانی نوێ و (هەندێ لە وەرگێڕانە عەرەبیەکان ) دا دەبینین کە پیتی (واو) ی عەتف لە نێوان هەردوو ئایەتەکەدایە ئەفەسۆس ٥: ١٧ و ئەفەسۆس ٥: ١٨ . ئەمەش واتای ئەوەیە کە باوەڕداری پڕ بوو لە ڕۆحی پیرۆز هەمان پێناسەی بۆ دەکرێ کە لە ئەفەسۆس ٥: ١٥- ١٧ کراوە :

* چونکە باوەڕداری پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز گرنگی دەدات بە ژیانی و هەڵسوکەتەکانی . ئەو کەسێك نیە هەرچی پێ باش بوو بیکات ، بەڵکو

هەرچی خودا پێی باشە ( دادوەران ۲۱: ۲٥). خودا لە هەموو لایەنێکی ژیانیدایە، ئەو کەسێکە بە هەموو شێوەیەك دوورکەوتنەوە لە خودا ڕەتدەکاتەوە و ژیانێکی پیرۆز دەژی کە گونجاو بێت لەگەڵ فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز.

* باوەڕداری پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز ، هەروەها پڕە لە دانایی کردارەکی. ئەو باشترین شتەکانی بەردەستی بەکاردەهێنێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی. ئەو زانیاریەکانی کتێبی پیرۆز لە ژیانی ڕۆژانەیدا پەیڕەودەکات بۆ شکۆدارکردنی خودا.

* باوەڕداری پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز بەباشی مامەڵە دەکات لەگەڵ هەموو ئەو کات وهەل و دەرفەتانەی کە خودا بۆی ڕەخساندوە .

* باوەڕداری پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز هەمیشە لەهەوڵی ناسین و ملکەچیی ئەو خواستانەی خودایە کە کتێبی پیرۆز ڕایگەیاندوون .

## (و) بەروبومی ڕۆحی پیرۆز

ڕۆما ۸: ۹- ١٦ ؛ گەڵاتیە ٥: ١٣- ۲٥ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : سروشتە گوناهبارەکەت چۆن گوزارش لە خۆی دەکات ؟ یان ڕۆحی پیرۆز چۆن گوزارش لەئامادەبونی خۆی دەکات لەناوتۆدا ؟

**تێبینەکان :**

**١- <u>سروشتی گوناهە .</u>**

سروشتی گوناهەی نیشتەجێ لەناوماندا خۆی ڕادەگەیەنێ لەڕێگەی گوناهە کردارەکیەکانەوە لە ڕووی ڕەوشتەوە وەکو (داوێن پیسی) ، یان لایەنی ڕۆحی وەکو (کاری تاریکی) ، یان لایەنی کۆمەڵایەتی وەکو ( گیانی دوژمنکاری و حەزی خۆویستی ).

**٢- رۆحی پیرۆز .**

ڕۆحی پیرۆزی نیشتەجێ لەناوماندا گوزارش لەخۆی دەکات لە ڕێگەی بەروبومەکانی ڕۆحی پیرۆزەوە . هەروەها ئەو گوزراش لە خودی خۆی دەکات لە ڕێگەی هەندێ خەسڵەتی سەرەکی ڕۆحیەوە وەکو ( خۆشەویستی و خۆشی و ئاشتی )؛ وە لە ڕێگەی هەندێ لە جوامێری و دڵپاکیەوە خۆی ڕادەگەیەنێ لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا وەکو ( ئارامگرتن ، دڵنەرمی ، چاکەکاری)؛ و لە ڕێگەی دەستپاکی لەگەڵ خودا ، و لە ڕێگەی دڵنەرمی لەگەڵ خەڵکی ، و لەڕێگەی خۆڕاگریەوە .

چونکە کاتێ دەبیتە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەوا تۆ سەر بە عیسای مەسیحیت و ڕۆحی پیرۆز لەناوتدا نیشتەجێ دەبێت ، ئەو کات تۆ پەیوەست دەبیت بە خوداوەو خۆت ڕادەستی سروشتی گوناهە ناکەیت ، بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆحی پیرۆزدا دەژییت کە لەناوتدا نیشتەجێیە. بێگومان ڕۆحی پیرۆز تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ سروشتی گوناهەدا ، ئەو یارمەتیت دەدات بۆ ئازادبوونت و هەروەها خۆشەویستی و خۆشی و ئاشتی و ئارامگرتن و نیانی و چاکەو دڵسۆزی و دڵنەرمی و خۆڕاگری لەناختدا دەچێنێ . وە ڕۆحی پیرۆز بەڕێوەت دەبات بۆ ئەو ڕیگایەی کە خودا دەیەوێ بیگریتەبەر . بەمەش ڕۆحی پیرۆز دەبێتە هێزی دەسەڵاتدار و سەروەر بەسەر ژیانتەوەو بەتایبەتیش کاتێ ملکەچیت بۆی و هاوکاری دەکەیت لەگەڵیدا .

**(ل) ئەو بەهرە ڕۆحیانەی کە ڕۆحی پیرۆز دەیبەخشێ**

**١- سروشتی بەهرە ڕۆحیەکان .**

**(أ) بەهرە ڕۆحیەکان بریتین لەو بەهرانە یان چالاکیانەی کە مرۆڤ بەهۆی نیعمەت و سەروەری خوداوە دەستی دەکەوێت .**

" جۆرەها بەهرە هەیە " (١ کۆرنسۆس ١٢: ٤). ڕەنگە ئەم بەهرانەش توانستەکان یان چالاکی ئاسایی بن یانیش لەسەرووی سروشت و ڕادەبەدەر بن . بۆ نمونە هەندێ باوەڕدار توانای (خزمەتکردن) ی

ئاساییان پێبەخشراوە یان نائاسایی و لەسەروی سروشتیانەوە پێبەخشراوە بۆ پێشبینی کردن یان فێرکردن یان هاندان (ڕۆما ١٢: ٦- ٨)؛ ڕەنگە هاوکات باوەڕدارانی دیکە ئەرك وچالاکی ئاسایی یانیش سەروی سروشتیان پێ ببەخشرێ وەکو پێغەمبەرایەتی ، فێرکردن یان شوانایەتی ( ئەفەسۆس ٤: ١١ ؛ بەروارد بکە بە ڕۆما ١٢: ٤). ئەم ئەرکانەش ئاماژە نین تەنها بۆ پلەیەکی دیاریکراوی ڕابەرایەتی کردن ، بەڵکو بۆ ئەو خزمەتانەی کە باوەڕداران پێی هەڵدەستن ( ١ پەترۆس ٤: ١٠).

**(ب) بەهرە ڕۆحیەکان " دەرکەوتنە " جیاوازەکانی ڕۆحی پیرۆزە .**

بەهرە ڕۆحیە جیاوازەکان دەرکەوتنی جیاوازی ئامادەبونی ڕۆحی پیرۆزەو کارەکانیەتی لە ژیانی باوەڕداراندا ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٧).

**(ج) بەهرە ڕۆحیەکان لە چەندین جۆر (خزمەتدا) دەردەکەون .**

" جۆرەها خزمەت هەیە " (١ کۆرنسۆس ١٢: ٥). بۆ نمونە ، بەهرە ڕۆحیەکان گوزارش دەکەن لەڕێگەی خزمەتی ڕاگەیاندنی وشەی خودا بۆ گوناهباران ، وە لە ڕێگەی خزمەتی فێرکردنی ڕزگارکراوان و چاودێری کردنیان (ئەفەسۆس ٤: ١١- ١٢).

**(د) بەهرە ڕۆحیەکان "کاریگەرییان" هەیەو (کارو دەرئەنجامی) جیاواز لە خۆدەگرن .**

" جۆرەها کار هەیە " ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٦). بۆ نمونە ، بەهرەکانی چاککردنەوە ( بە شێوەیەکی گشتی ) ئاماژە دەکەن بۆ ئەو بەهرانەی کە لە ڕێگەیەوە لایەنی جەستەیی و سۆزداریی و ڕۆحیی کەسەکان چاك دەکاتەوە . لەسەروو ئەمەشەوە ، بەهرەی چاککردنەوە ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ چاککردنەوە بە ئامرازە ئاساییەکان و هەروەها بۆ چاککردنەوە بە شێوەی پەرجوو ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٩).

**٢- <u>سنوری بەهرە ڕۆحیەکان</u> .**

**(أ) لیستی بەهرە ڕۆحیە سنوردارەکان .**

چەندین بەهرە لەوانە باسکراون و ناویان هاتوە لە ڕۆما ١٢: ٤- ٨ ، ١کۆرنسۆس ٧: ١، ٧؛ ١٢: ٧- ١٠، ٢٨- ٣٠ ؛ ئەفەسۆس ٤: ١١؛ ١ پەترۆس ٤: ١٠- ١١. مەبەستەکە لێرەدا ئەوە نیە کە هەر کام لەئەم لیستانە لیستێکی گشتگیر بن بۆ سەرجەم بەهرە ڕۆحیەکان . لەبەرئەوە ، ڕەنگە چەندین بەهرەی ڕۆحی دیکە هەبن لەم لیستەدا ناوزەد نەکرابن . نمونەش لەسەر ئەمە وەك : لێهاتوویی لە بەرگدروویدا ( دەرچوون ٢٨: ٣؛ ٣٥: ٢٥، ٣٥) ، وە لێهاتوویی لە هونەرە جۆراوجۆرەکاندا ( دەرچوون ٣١: ١- ٦) ، وە لێهاتوویی لە تەلارسازیدا ( دەرچوون ٣٥: ١٠ ، ٣٦: ١) ، وە لێهاتوویی لە مۆزیکدا ( زەبور ٣٣: ٢- ٣) ، وە لێهاتوویی لە هۆنینەوەی هەڵبەست و هۆنراوە و دانانی ئاوازدا ( زەبور ٤٥: ١٠)، وە لێهاتوویی لە ڕابەرایەتی کردندا ( زەبور ٧٨: ٧٢).

**(ب) ئەو بەهرە سنوردارانەی کە خودا دەیبەخشێ .**

خودا بە نیعمەت و سەروەری ڕەهای خۆی ئەم بەهرە ڕۆحیە جیاوازانە دەبەخشێ . ئەوە کە بڕیار دەدات ئەم بەهرانە ببەخشێ بە هەر باوەڕدارێك ( ١ کۆرنسۆس ١٢: ١١).

هیچ کەسێکیش سەرجەم بەهرە ڕۆحیەکانی نیە . هەروەها هەموو باوەڕدارانیش هەمان یەك جۆر بەهرەیان پێنابەخشرێ . بۆ نمونە ، هەموو باوەڕداران ڕابەر نین ، وە هەموو باوەڕداران بە زمانی ڕۆحی نادوێن ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٩- ٣٠).

ڕاوبۆچوونی باوەڕداران جیاوازە سەبارەت بەوەی هەموو باوەڕدارێك بەهرەی ڕۆحیی هەیە یاخود نا .

* وشەی "هەموو" ڕەنگە واتای گشتیی هەبێت وەك : هەموو کەسێك کە دەژی لەسەر زەوی ( وەك چۆن لە ڕۆما ٢: ٦ دا هاتوە) یان هەموو باوەڕدارێك کە دەژی لەسەر زەوی (کردار ٢: ٣٨ ؛ ڕۆما ١٢: ٣ ؛ ١٤: ١٢). لەبەرئەوە ، هەندێ لە باوەڕداران وشەی "هەموو" بەو شێوەیە

دەبیننەوە وەك لە ١ كۆرنسۆس ٧: ٧ ، ١٢: ٧ ، ١٤: ٢٦ ؛ ١ پەترۆس ٤: ١٠ دا هاتوە بەو واتایەی هەموو تاكێكی باوەڕدار بەهەری ڕۆحی وەردەگرێ . ئەم گریمانەیەش هەیە .

* بەڵام وشەی " هەموو " واتایەكی تایبەت لە خۆدەگرێ وەك : هەموو كەسێك كە سەر بە كۆمەڵەیەك یان گروپێكی دیاریكراو بێت . نمونەش لەمبارەیەوە ئەمانەن : هەر یەكێك (لۆقا ١٣: ١٥)، هەر یەك لە كۆمەڵێكی زۆر ) یۆحەنا ٦: ٧)، وە هەریەك لە خاوەن پێویستیەكانی جولەكە (كردار ٤: ٣٥). لەبەرئەوە ، هەندێ لە باوەڕداران وشەی " هەموو " وا دەبیننەوە كە لە ١ كۆرنسۆس ٧: ٧ ، ١٢: ٧ ، ١٤: ٢٦ ، ١ پەترۆس ٤: ١٠ دا هاتوە و بە واتایەكی دیاریكراو لەو باوەڕدارانەدا كورت دەكرێتەوە كە جێی مەبەستی دەقەكەن ، و ئەو باوەڕدارانەی كە جەستەی مەسیحن و دیاری ڕۆحی پیرۆز و بەهرە ڕۆحیەكان وەردەگرن بە خواست و ڕەزامەندی خودا خۆی هەرچۆنێكی بوێ ( ١ كۆرنسۆس ١٢: ١١، ٢٨-٣٠) . لەبەرئەوە لێرەدا دەبینین هیچ شتێك نیە دڵنیایی تەواو بدات كە ڕۆحی پیرۆز بەهرەی ڕۆحی دەدات بە هەموو باوەڕدارانی جیهان.

لە ئەفەسۆس ٤: ٧ دەخوێنینەوە " بەڵام بە گوێرەی بەخشینی مەسیح نیعمەت بە هەر یەكێكمان دراوە " . لێرەدا تێبینی ئەوە دەكەین ئەم ئایەتە ناڵێت كە هەموو كەسێك " بەهرەی ڕۆحیی پێ دەبەخشرێ " بەڵكو هەر یەكێك " نیعمەتی " پێ دەبەخشرێ . وە نیعمەتی خوداش كورت ناكرێتەوە تەنها لە بەهرە ڕۆحیەكاندا . چونكە هەموو باوەڕدارێك بە گوێرەی پێوانەیەكی دیاریكراو نیعمەتی خودای پێ دەبەخشرێ . بۆ نمونە خودا نیعمەت و شارەزایی بەخشی بە هەندێ باوەڕدار بۆ دانانی بناغەی ڕۆحیی ( ١ كۆرنسۆس ٣: ١٠)؛ هاوكات هەندێكی تریان خودا هێزی پێ بەخشین ماندونەناس بن و زیاتر لە باوەڕدارانی دیكە تێبكۆشن لە كارەكانیاندا بۆ خودا ( ١ كۆرنسۆس ١٥: ١٠) . ئیدی بەم شێوەیە ، هەندێ لە باوەڕداران هیزیان پێ بەخشرا بۆ بەردەوام بوون و چەسپاویی هەرچەندە لە بارودۆخێكی قورس وسەختدا بوون ( ٢ كۆرنسۆس ١٢: ٩)، هاوكات هەندێكی تریان خودا لێهاتوویی پێ بەخشین بۆ جاڕدانی موژدە بە ئینجیل

لە نێو نەتەوەکاندا ( گەڵاتیە ٢: ٩). وە باوەڕداری دیکە هەبوون خودا تواناو چالاکی و بەهرە ڕۆحیەکانی پێ بەخشیبوون ( ئەفەسۆس ٤: ١١ ؛ ١ پەترۆس ٤: ١٠- ١١).

**(ج) بەهرە ڕۆحیە سنوردارەکان بە گوێرەی پێوانە .**

وەك چۆن خودا بە گوێرەی پێوانە نیعمەت دەبەخشێ بەهەمان شێوە بەهرە ڕۆحیەکان دەبەخشێ ( ئەفەسۆس ٤: ٧). ئەمەش واتە ئەوانەی بەهرە ڕۆحیەکانیان پێ بەخشرا بە گوێرەی پێوانە پێیان دراوە بەو گوێرەیەی مەسیح دابەشی کردوە بەسەریاندا . بۆ نمونە ، هەندێ باوەڕدار بەهرەی فێرکردنی منداڵانی پێ بەخشرا هاوکات هەندێکی تر بەهرەی فێرکردنی گەورەکان. هەندێکیان بەهرەی فێرکردن لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکیان پێ بەخشرا ، هەندێکی تر بەهرەی فێرکردن لە ڕێگەی ڕاڤە کردنی کتێبی پیرۆز . چونکە هیچ کەسێك نیە لە جیهاندا هەموو شتێك بزانێت . وە هیچ مامۆستایەك نیە پڕوتەواو بێت و خاوەنی هەموو تواناکان بێت ، جگە لە (عیسای مەسیح ).

**٣- ئامانج لەوەرگرتنی بەهرە ڕۆحیەکان .**

چوار ئامانج هەیە لە وەرگرتنی بەهرە ڕۆحیەکان :

* دەبێت بەهرە ڕۆحیەکان بەکاربهێنرێ بۆ خزمەتکردنی باوەڕدارانی دیکە ، نەك بۆ خزمەتکردنی بەرژوەندی کەسێتی ( ١ پەترۆس ٤: ١٠- ١١).

* دەبێت بەهرە ڕۆحیەکان بەکاربهێنرێ بۆ بونیادنانی کڵێسا ، نەك بۆ دامەزراندنی تەنها گروپ و کۆمەڵەیەکی دیاریکراو ( ١کۆرنسۆس ١٢: ٧؛ ١٤: ١٢).

* دەبێت بەهرە ڕۆحیەکان بەکاربهێنرێ بۆئامادەکردنی باوەڕداران بۆ کاری خزمەت لە کڵێسادا ( ئەفەسۆس ٤: ١٢).

* دەبێت بەهرە ڕۆحیەکان بەکاربهێنرێ بۆ بۆ شکۆدارکردنی خودا لە هەموو شتێکدا ( ١ پەترۆس ٤: ١١).

## (ح) وانەی دیکە لەبارەی ڕۆحی پیرۆزەوە

١- کەسایەتی ڕۆحی پیرۆز و ئەرکەکانی : بڕوانە زنجیرەی " بڕۆن و هەموو نەتەوەکان بکەن بە قوتابی " ، ڕێبەری دوەم ، وانەی ٢١.

٢- باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز ، و پڕ بوون لە ڕۆحی پیرۆز ، و بەروبومی ڕۆحی پیرۆز : بڕوانە زنجیرەی " بڕۆن و هەموو نەتەوەکان بکەن بە قوتابی " ڕێبەری چوارەم ، وانەی ٤٥.

٣- ئەو بەهرە ڕۆحیانەی کە ڕۆحی پیرۆز دەیبەخشێ : بڕوانە زنجیرەی " بڕۆن و کڵێسای مەسیح بونیاد بنێن " ، ڕێبەری حەوتەم ، وانەی ٣٦.

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە** . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە جەژنی دروێنە : یادی ڕژانی ڕۆحی پیرۆز .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢كۆرنسۆس ١-٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن یۆحەنا ٣: ١٦ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ٣. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.